# ئەتۆ لە چاوەکانمدا خۆرەتاوی

د. هیڤا پەناهی
(سویسرا)



لە چاوەکانمدا خۆرەتاوێک هەیە لە ئەتۆ دەچێت
شەو و ڕۆژ دەکەمەوە بە تینی هەناسەکانی
ئاسمان بۆنی سوێسەن دەدات
لە دیدەکانمدا هەتاوێکی مەزن هەیە
هەتاوێکی بێ گەرد
هەتاوێکی کەونار و بەهێز
کەوا بەهار و دەشتەکانمان ناس دەکات
لە کۆسالآن دەزانێت و
لە قوڵایی زەریاکانیش
کە داعشی بێ بەزەیی هات
کەوتە سڕینەوەی تیشکەکانی
دووبار هەر چڵەتیشکێکت بوون بە گوڵی بەهاران
لە ناو چاوەکانمدا زۆر شت هەن
لە ناو چاوەکانمدا بمێنەوە
بڕوانە تاڵەقژی کچێکی کورد پاش شەهید بوونی
دەبێتە ژێی سازێک
دەبێتە ئاوازێک و
لە ئاوەکانی ئوقیانووسدا دەبێتە خەون
مرۆڤەکان لە خۆرەتاوەوە لە دایک دەبن
مرۆڤەکان بەرەو بێ کۆتایی دێن و دەڕۆن

٢٠١٤

**هێلانە**

ئێستا کە ئەم هێلانەیەم لە نامۆیی دووبارە دەبێت
بە جێ بهێڵم
ئەو هێلانەیەی لە سەربالّی بای دا نووسیبووم
باران

لەسەر شاخی نووستبووم هۆشیاری و سەبر
ئا لە ئەم هێلانەیەدا پرۆمێسێئاس (*) لە گەڵمدا دەژیا
ڕاوەستاو و هەستیار
وەک چۆن باوە لە مێژووی کۆڵنەدەراندا
چەندان شەومان پێکەوە بەڕێ کرد لە ژێر تۆفانی تەفروتوناییدا
چەندان سارد و سۆڵیمان چەشت لە مرۆڤە بە ناو دۆستەکانی خاکی غەریبەوە ؟
بەڵام وەک سوێندخواردوویەکی پابەند، یەک پەیڤمانیش نەدرکاند
ئێستا کە ئەم هێلانەیەم بە زۆرەملێ دووبارە دەبێت بە جێ بهێڵم
جەستەی برینداری ئاواتەکانم لە گەڵن
وا جارێکی دیکە پێکەوە بەردەوام دەبین

٢٠١٦

پرۆمیتـە، یـان پرۆمیسـیۆس دزمۆتیـس، ئـەو کەسـەی ئـاوری لـە ماڵـی خـوداکان دەرهێنـا و دای بـە مرۆڤـەکان، هەمـان سـیمای کاوەی ئاسـنگەری خۆمانـە کـە دادپـەروەری دەبەشـێتەوە.